# هەڵـــــبــژاردن

شیعری :

حەمەشوان شەریف

سوید - کونگێلف

بـــابە بـــابە ئەم ڕەنگانە بەلای تۆوە کامیان جوانـــە
ئەمە ڕەنگی گوڵاڵەیە سور وەکو خوێن لە لەشدایــە
وەک کۆڵانی وڵاتەکەم باڵای سروەی لەخوێنــــدایە
بۆ ئەستێرەی  بەرزی هیوایی کفنی سپی لەبەردایــە

بـــابە بـــابە ئەم ڕەنگانە بەلای  تۆوە کامیان جوانـە
ئەمەڕەنگی  نێرگزە زەرد چرۆکانی هی بـــارانــە
وەک دڵی شەقــامــێکت پڕلــەنمەی چاوەڕوانــە
بۆ ئەسرینی دایـەی تینوو دڵت بــوە بــەئینجانـــە

بـــابە بـــابە   ئەم ڕەنگانە بەلای تۆوە  کامیان جوانە
ئەمەڕەنگی  سنەوبەرە سەوز وەک دڵی شەهیدانــە
نــە ڕستەیەک باڵای بەرزی دادەپۆشێ نــە بــە وانـــە
بەڵام بـــابە لەکوردستان بـۆڕەنگەکان پرسەیــتیـایــە   ؟!.

بـــابە بـــابە تۆ دانـــابــە ئەم ڕەنگەیان ئاشتی خوازە
سپی وەکو   بـــاڵی بــەفر   کۆترێکە بــــێــهێلانـــــە
ئەفڕێ بـەباڵ لـەماڵـیکەس ماڵیـــنـــابێ   هی هەموانــە
دەدەی بـــابە بۆ پــێم ناڵێی ئەم ڕەنگانە کامیان جوانــە ؟!.

** ئەم هۆنراوەیەم لەساڵی 1988دا نوسیوە لەناو لەپی دەستی منالێکا کە ناوی *ئاسۆ  بوو  لە سەنغوری کولیاییدا لە ئێران*
ناردم بۆ ئازیزێکم کە بیخوێنێتەوە .بەڵام لەدوایدا دەسکاریم کردو  هێمای شیعریم پێبەخشی .
هەڵبەتــەئەم هۆنراوەیە  ئەوەندەی ئێستا درێژ نەبوو ... !،.

Hamashwan1@hotmail.com